# شەونم

هۆنراوەی (27)

آن یار کزو منزل ما جای پری بود

ئەو یارە کە لەو ماڵە مە وەک ماڵی پەری بوو
گش گیانی سەراپا لە هەموو عەیب بەری بوو
مەحبووبی من ئەو عاقڵ و زانای وەکوو مانگم
هەیبوو ئەوی خوو و خەسڵەتی خاسی بەشەری بوو
بۆ خاتری ئەو دڵ کوتی لەو شارە دەمێنم
بێچارەیە نەیزانی کە یاری سەفەری بوو
ئەستێرەی بەدبەختی لە چنگی منی دەرکرد
چبکەم لەگەڵ ئەو دەورە کە وا زوو سپەری بوو
تەنیا نە لە رازی دڵی من پەردە وەلاچوو
زووش کاری فەلەک پەردەدڕی و ئاوڕووبەری بوو
دەم ئاو و گوڵ و سەوزە گەلێ خۆش بوو لەگەڵ ئەو
نەغدێ بوو لەدەس چوو گوڵی سوور تازە وەری بوو
ئەو کاتە لە من خۆش بوو ژیان تا لەگەڵ ئەو بووم
باقی تری گش دەردی سەری و دەربەدەری بوو
لەو داخە ئەگەر خۆی بکوژێ حەقیەتی بولبول
گوڵ کاتی بەیان هاودەمی سروەی سەحەری بوو
کەی شانی یەکن ئەی دڵ ئەتۆ سواڵکەر و ئەو شا
جوانی وەکووتانجێک دەدرەوشا و لە سەری بوو
هەرگەنجە بە پیتێکی خودا داویە بە حافز
لەو ویرد و دوعایانەیە خوێندی و لەبەری بوو

**حافزی حەقیقی**